# دوو مانگ لە جێگەی چاوانم ئاسمان ڕۆشن دەکەنەوە

چنوور نامق

ئاگرێکی پەرچەم سووری
پشکۆ لێوی
ژیلەدڵی ڕوح فڕیوم
بە باڵای بەرزی شەیدابوون
هەڵدەکشێم..
دوو مانگ لە جێگەی چاوانم
ئاسمان ڕۆشن دەکەنەوە
ئەی بۆ دەڵێن مانگ بەتاقی ئاسمانەوە
دەربەدەرە؟

***

دیمەنێکی تیژتێپەڕی
شووشە ڕەنگی
پەرچەم هەور
نەزەر ناکا و دەڕوا ئۆغر
حەزەر ناکا و بەجێم دێڵێ..
دەستی سێبەرەکەی دەگرم
سووراوەکەم لێ دەکەوێ،
لەلای شارەمێرووڵەیەک جێگە دەگرێ
دەڵێم با بڕۆین بۆ پیاسەی شەقامی کەسنەناسان و
باخی خورپە و
شاری گومان..
ئای لەکوێیە شاری گومان؟
لەوێشەوە دەستی سپێدە دەگرین و
پیاسەیەکیش لەگەڵ جادەکاندا دەکەین
تاوێ لە خەمی شاراوەی گڵۆپە نەکوژاوەکانی
بێداریی شەو ڕادەمێنین
وەرە بڕۆین
دوا سڵاویش لە پارکەکان بکەین



وەرە با بڕۆین
چاوەکانمان بە بارانی نائارامی بشۆینەوە لەپێش
ئۆغر..
دە با بڕۆین
تۆش هەر دەڵێی سەعات چەندە؟
دەڵێم چارەکێکی ماوە بۆ خۆر
دەڵێی
کوا خۆر لێرە هەیە؟
دیمەنێک وا لە ڕوحمدا قەتیس بووە
دڵی وەکوو مەدالیای عەشق
بەشاخی مەیلی شێواوم هەڵواسراوە
دیمەنێکی وەکوو با سرک
دەڵێم بچین
چاو دەگێڕێ و دەڵێ بچین؟
چاو دادەخا و دیسان دەڵێ
سەعات چەندە و بۆ کوێ بچین؟
دەڵێم بۆ پارک
پێم دەڵێ وسسسسس
با گەڵاکان جووڵە نەکەن
با دڵۆپە شەونمەکان ئارامییان لێ تێک نەچێ
با سێبەرەکان ڕانەکەن..
***
ڕووی زەردم پاییزە و دەڕژێ
ئەو پێم دەڵێ پەلە مەکە
کات زۆری ماوە بۆ سێبەر
تۆزێ درەنگ دەستی ئێوارەیەکی شپرزەی
ناو پارکەکە دەگرم و دێمە ڕێوە،
تاوێ نیشتمان دەدوێنم
سڵاوی دوایین دیدارمان دەسەنمەوە
بەرەو ئێوارەکانی نیشتمان دەبمەوە
تۆ برۆ من دوایی خۆم دێم
ئاگات لە هەنگاوەکانت بێ
نەبا گوێی خاک بزرینگێتەوە و ڕاپەڕێ

دەڕۆم و دڵم چرایە
ساتێک ڕۆشن
ساتێک تاریک
دەستە ساردەکەی دەگرم و بەرەو خۆر هەنگاو
هەڵدەگرین
ڕادەوەستین بە پێی خاوس چیمەنەکە دەپێوێت و
بە دڵی بەتاڵ چاوێکم پێدا دەخشێنێ
کوا کتێبەکەت بیر نەچێ ناوی چی بوو؟
گەڕانەوە؟
بەڵام گەڕانەوە بۆ کوێ؟
دەڵێ سەردانی پارکت بیر نەچێ
نۆرەی دوکتۆرە ناحاڵییەکانم بسڕەوە
هێواش برۆ
ئاگات لە ترپەی دڵت بێ
لە جادەکان لێت نەکەوێ
ئاگات لە پەنجەی عەشقت بێ
نەک هۆگری ئەڵقەکانی زەمەنی بێچارە ببێ
***
دیسانەوە دەڵێ برۆ کاتت نەما
دەڕۆم و
دەستی چڵێکی جێماو دەگرم
کە جارێکیان نەخشەی ماڵی مێروولەمان پێی
دەکێشا
من و دیمەنێکی تۆراو
دیمەنێکی تیژتێپەڕی فێرە سەفەر
ئەی بۆ دەڵێن خاک مەیلبرە؟
ئەی بۆ دەڵێن ڕوخسارەکانمان بیر دەچێ؟
ئەی بۆ دڵم پڕە لەتۆ؟

٢٠٢٥/١٠/٢١